# مینە و شمشاڵەکەی

هونەرمەندێکی میللی لێهاتوو، کە گوێت دەنگی لە شمشاڵەکەی ئەبێ، ( دەروێش عەبدوڵلا)ی پاڵەوانی تۆمارە هەرەنەمرەکەی "گۆران"ت ئەخاتەوە بیر، خاڵە مینە و شمشاڵەکەی خاڵە مینە و خۆشەویستە و ئاواز و هونەری جوان، ئاوازی کوردی رەسەن:
چاوم پێی کەوت: قسەم لەگەڵ کرد و بۆم دوا... بە شمشاڵەکەی ئاوازی خۆشی دا بە گوێما....
ئەم هونەرمەندە میللیە خاڵە مینەیە کە رۆژگارێکی زۆرە سەرگەرمی ئەم کارە پیرۆزەیە و هەزاران کۆڕی شاعیران و ئەدیبی کوردی وەك ئەحمەد موختار و تایەر بەگی گەرم کردووە... هەروەك خۆی وتی: ئاهەنگ نەبووە بەشداریم تیا نەکردبێت.
هونەرمەند نەمامی باخی ژیان بەرەو سیس بوون نزیك بووەتەوە، پیری دەستە و یەخەی وەستاوە و چەنگی لە گەرووی لاوی گیر کردووە.
لەسەر بەردێك کزۆڵەی کرد و گۆچانەکەی کە تاکە هاوڕێیەتی لە تەنیشت خۆیەوە دایناوە لە پاش کەمێك حەسانەوە... حەزم کرد ئەو خۆی بە هەمووومان بناسێنێت؟
هەناسەیەکی هەڵکێشاوە وەك یادگارییەکی کۆنی بە بیردا هاتبێتەوە ناوم حەمە ئەمین کوڕی عەبدولکەریمە دێی بیاوێڵە نزیك هەڵەبجە لە دایك بووم.
بەلاّم کە پرسیارم لێ کرد دەربارەی ساڵی لە دایك بوونی وەکوو زۆر لە پیرانی کورد ساڵەکەی نەزانی بەلاّم تەنها شتێك کە لە بیری بوو سەفەر بە لك بوو.
هەروەکوو خۆی وتی: تەمەنی نزیکەی 78 ساڵ دەبێت وەك هەموو منداڵێکی تری کورد سەرەتای ژیانی بەشوانی و بەرگەلەوانی بەسەر بردووە لە دەوری بیاوێڵە لەبەر ئەوە ناچار پەنایان ئەبردە بەر هەندێ کار بۆ رۆژگار بردنە سەر.

هونەرمەند وتی: پیاوێکم لە گەڵدابوو ناوی حەمە ئەمین بوو شمشاڵی زۆر جوان ئەزانی هەموو کاتێ خۆمم لێوە نزیك ئەکردەوە و سەرنجم ئەدا و تەنها ئاواتم ئەوە بوو کە رۆژێك بێت منیش بتوانم وەکوو ئەو شمشاڵ لێ بدەم.
لەبەر ئەوە لە قامیش شمشاڵێکم دروست کرد و کەوتمە فووپیاکردنی بەڵام پچڕ پچڕ و بەردەوام بوونم و ئارەزووم لە شمشاڵ خێرا فێر بووم، ئینجا وردە وردە گۆرانیەکانی نیشان ئەدام و منیش بەدوای ئەودا لێم ئەدا.
ئەوەی شایانی باسە هونەرمەند بۆ هەر کونێك لە کونەکانی شمشاڵەکەی کە بریتیە لە شەش کون ناوێکی تایبەتی بۆ داناوە بەم شێوەیە: 1- فەتاح پاشایی 2- ئەحمەد بەگەی 3- هەوارە لانکێ 4- کەتان لەمەل 5- قیلجی 6- مەملی مەمانە مەمۆ و ئەوەش بە پێی دەنگەکانی مۆسیقایە کە ئێستا بۆی دانراوە (دۆ ر می فا سۆل لا سی) ئەگرێتەوە زۆربەی ئەم ناوانە گۆرانی فۆلکلۆرین بۆ ئەوەی شارەزای کونەکان بیت و لەیەکیان جیابکاتەوە لەگەڵ حەسن زیرەك لە ئاهەنگێك دا لە هەڵەبجە بەشدرای کردووە بەڵام زۆربەی ژیانی لەماڵی ئەحمەد موختار جافدا بەسەر بردووە و شمشاڵ ژەنی بووە. هەر لەبەر ئەوە بووە مەقامێکی بەناوی ئەحمەد بەگەوە داناوە کاتێك ئەحمەد بەگ کوژرا ئەمیش تووشی گەلێك سزا و ئاوارەیی بووە ماوەی 2 ساڵ لە ئێران گیراوە بە هۆی بەشدار بوونی لەگەڵ ئەحمەد موختار دا.
لەبەر ئەوەی خاوەنی هونەرێکی بەرزە زۆرلای خەڵك خۆشەویستە و تا ئێستاش خەڵك زۆر پێ خوشحاڵن ئەگەر لە لایان دانیشێت و کاتێك پرسیام لێ کرد دەربارەی گۆرانیبێژانی کورد زۆر بە ڕێزەوە سەیری مامۆستا عەلی مەردانی ئەکرد و گۆرانی هەورامیشی بەدڵە.
وە بۆ ئەوەی ئەو هونەرە بەرزەمان لە دەست نەچێت بە هیوام کاربەدەستان ئاوڕێك لە کەسانی وەك ئەم هونەرمەندە میللیە بدەنەو بە پێی توانا بە دەنگیەوە بچن و هونەرمەندەکانی مۆسیقای سلێمانیش بانگ کراون ئاوازی رەسەنی کوردی لەم کابرا

**هونەرمەندە گەورەیە وەرگرن و ... بیژییەننەوە ... چاویشیان لە خاڵە مینەی مرۆڤ بێ.**

**ئامادەکردنی هێرش محەمەد ئەمین**

**دوالاپەڕە**

**هاوکاری** 1977